ئەی کۆمەڵی موهاجیرین وئەنساڕەکان، هەندێک کەس لە براکانتان نە مولْکیان هەیە، ونە هۆز، بۆیە با یەکێکتان دوو پیاو یان سیان بۆ لای خۆی ببات

لە جابرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ویستی غەزایەک (هەڵمەتی ڕزگارکردن) ئەنجامبدات، فەرمووی: «ئەی کۆمەڵی موهاجیرین وئەنساڕەکان، هەندێک کەس لە براکانتان نە مولْکیان هەیە، ونە هۆز (نە خزم وکەسوکار)، بۆیە با یەکێکتان دوو پیاو یان سیان بۆ لای خۆی ببات، هیچ یەکێکمان سواری نییە کە هەڵیبگرێت (مەگەر بە نۆرە نەبێت)**». (جابر) دەڵێت: دوو یان سێ کەسم هێنا بۆ لای خۆم وسواری وشترەکەم دەبووم بە نۆرە لەگەڵ ئەواندا. *(با یەکێکتان پیاوێک یان دووان بۆ لای خۆی ببات*، واتە: بۆئەوەی یارمەتی بدات بە پێی توانا)، **(مەگەر بە نۆرە نەبێت: واتا دوو کەس یان زیاتر (وشترێکیان هەیە وماوەیەک لە ڕێگا یەکێکان سواری دەبێت وئەوی تر ڕێدەکات، ماوەیەکی تر بە پێچەوانەوە

[صەحیحە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی بە هاوەڵان کرد دوو یان سێ کەس بە نۆرە سواری وشترێک بن بۆئەوەی خەڵکی هەموو یەکسان بن لە پشوو وەرگرتن وڕێکردندا؛ بۆئەوەی هەندێک زۆر ماندوو نەبێت وهەندێکی تر بە ئەوپەڕی پشوو وەرگرتنەوە بگات بە کۆتایی سەفەرەکە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6005